# فەلسەفەی مارتن هایدیگەر گفتوگۆ لەگەڵ د.محەمەد کەمال



سازدانی: شوان ئەحمەد    ڕۆژنامەی هاووڵاتی

**بەشی یەکەم**

**مارتین هایدیگەر بەیەکێک لە فەیلەسوفە دیارو کاریگەرییەکانی سەدەی بیستەم ئەژمار دەکرێت. ئەو توانی بە کتێبی ( بوون وکات)  وەکو ” هێربرت مارکۆز” دەڵێت: ( شۆرشێکی فەلسەفی بەرپابکات.)**

**ئەم گفتوگۆیەش لێرەدا لەگەڵ ( د. محەمەد کەمال) دا سازمانداوە، قسەکردنە بە شێوەیەکی تێروتەسەل  و هەمەلایەن لەسەر فەلسەفەی هایدیگەر بەگشتی و کتێبی ( بوون کات)  بەتایبەتی. هەروەها پەیوەندی سیاسی هایدیگەر بە ئایدۆلۆژی نازیزم و پەیوەندی سۆزداریشی لەگەڵ هانا ئارێنت ، بەشێکی دیکەی ئەم گفتوگۆیەیە.**

**هاوڵاتی: لە دە دوانزە ساڵی رابردودا ئێوە بە نوسین و وەرگێران، تێکست گەلێکی فەلسەفیتان بەردەستی خوێنەرانی کورد خستووە، نمونەکانیان وەك (فەلسەفەی سارتەر و خوێندنەوەیەکی نوێ، بوون و داهێنان، نیهێلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا، فەلسەفەی هیگڵ، ئۆنتۆلۆژی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، نیتشە و پاش تازەگەری، بوون و نەبوون، فەلسەفەی ئەفلاتوون، کۆماری ئەفلاتوون، مێتافیزیك، کاتیگۆرییەکان، فینۆمینۆلۆژی).**

**بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ زیاتر گرنیگیتان بە فەلسەفەو بە فەیلەسوفێکی دیاری وەك مارتین هایدیگەر (1889-1976) داوە، ئەویش لە ڕێی چاپکردنی سێ کتێب لەبارەی ئەوەوە کە دوانیان وەڕگێرانن (بوون و کات، لەگەڵ تاکە دیداری ڕۆژنامەوانی هایدیگەر لە تەك گۆڤاری دێرشبیگلێ ئەڵمانی). سەرباری نوسینی کتێبێك بەناوی (هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی) کە بە بڕوای من، ئەمەیان یەکەمین کتێبێکە بەو شێوە چڕو پڕو هەمەلایەنییەوە، لەناو کایەی ڕۆشنبیری و کوردیدا لەسەر ئەو فەیلەسوفە نوسرا بێت.**

پرسیارەکەی من ئەوەیە، بایەخدانی ئێوە بە هایدیگەر و فەلەسەفەکەی بەو شێوەیە، لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆچی؟

د. محەمەد کەمال: من هەر لەسەرەتاوە و لەو کاتەی لە کوردستان بووم و پێش دەرچونم لە وڵات، بەرهەمەکانی ژان پۆل سارتەر و سیمۆن دیبۆڤوار و ئەلبێر کامۆ و کۆلن وڵسن، بە عەرەبی لەبەردەستماندا بوون. هەر خۆشم وەك گەنجێك، لە سارتەرەوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی فەلسەفەی بونگەرایەتی و سارتەریش کاریگەریەکی گەورەی تێکردم.

ئەو کاتە وەك شاگردێکی سارتەر بیرم دەکردەوە، بەڵام بەداخەوە هایدیگەرم نەدەناسی. ئەڵبەتە لە ڕێی سارتەرو نوسەرەکانی دیکەوە ناویم بیستبوو، بەڵام ئەو کاتە هیچ تێکست و بەرهەمێکی هایدیگەرمان لەبەردەستدا نەبوو. من خۆم هیچ نوسراوێکم نەدیبوو، بەڵام دەمزانی بیریارێکی وجودیە یاخود بیریارێکی بونگەرایە.

کە چوومە دەرەوەی کوردستان و لە زانکۆ دەستمکرد بە خوێندنی فەلسەفە و فێری زمانێکی بێگانە بووم بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی، کتێبەکانی هایدیگەرم بەردەست کەوت بە تایبەتی (بوون وکات).

یەکەمجار کە ئەو کتێبەم خوێندەوە بە ڕاستی مەستی کردم، مەستبونێکی فەلسەفی. هەستمکرد ئەو فەلسەفە بونگەراییەی لای سارتەر وسیمۆن دیبۆڤوار و کامۆو کەسانی دیکە هاتۆتە ئاراوە، لەژێر کاریگەری و سێبەری فەلسەفەکەی هایدیگەردا پەیدابووە. لەبەرئەو هۆکارە من ڕومکردە هایدیگەر.

هەرچەندە ئەو بە زمانی ئینگلیزی نەینوسیووە و بە زمانی ئەڵمانی نوسیوویەتی، بەڵام زۆرێك لەبەرهەمەکانی نەك هەموویان، بەزمانی ئینگلیزی لەبەردەستدا بوون. چونکە تا ئێستاش تێکڕای بەرهەمەکانی نەکراون بە ئینگلیزی کە لە هەشتاوهەشت بەرگدا کۆکراونەتەوە .

وا بزانم تا ئێستا نیوەیان وەرگێردراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی. جا ئاشنا بوونم بە هایدیگەر لەوێوە دەست پێدەکات. بە ئینگلیزی خوێندن بە تایبەت لە زانکۆیەکدا، منی لە هایدیگەر نزیك کردەوە و تێگەیشتم، بنەمای ئەو فەلسەفەیەی من خۆم بە یەکێك لە شوێن کەوتوانی دادەنا لە هایدیگەرەوە دەست پێدەکات، واتە هایدیگەر پایەیەکی گەورەو دیاری ئەو فەلسەفەیە. لەبەرئەوە هایدیگەر بەلای خۆیدا ڕایکێشام وبیرو بۆچونەکانی بوون بە بنەمایەکی فەلسەفی بۆم.

کە چوومە ئوستراليا‌ش بڕیارمدا بە تەواوی دەست بە نوسینی فەلسەفی بە زمانی کوردی بکەم، هەرچەندە پرۆژەی نوسینم لە پاکستانەوە دەستی پێکرد. نوسینێکم لە گۆڤاری مامۆستای کورددا بڵاوکردەوە کە لە سوید دەردەچوو. ئەڵبەتە ئەوە سەرەتاکان بوو.

دواتر بوارێکی باشم بۆ لوا کە دەست بە نوسینی کوردی بکەم، ئەوە بوو چاوپێکەوتنەکەی هایدیگەرم وەرگێرایە سەر زمانی کوردی و لەسەر هایدیگەرم نوسی. دواتریش بڕیارمدا (بوون و کات) یش بکەمە کوردی.

هاوڵاتی: بە پێی بۆچونی ئێوە بۆ تێگەیشتن لە مارتن هایدیگەر دەبێت لە کوێوە دەست پێبکەین، لە فینۆمینۆلۆژیای ئەدمۆندهۆسێرلەوە یاخود لە گەڕانەوە بۆ حەکیمەکانی پێش سوکرات؟

د. محەمەد کەمال: بە بڕوای من بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی هایدیگەر، دەبێت لە هایدیگەر خۆیەوە دەست پێبکەین، چونکە فینۆمینۆلۆژی هۆسێرل، میتۆدە بۆ هایدیگەر. وەکو دەزانین فینۆمینۆلۆژی دوو ڕوی هەیە: ڕوویەکیان فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیە، ڕووەکەی تریان میتۆدی فینۆمینۆلۆژییە.

فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی کە هۆسێرل خۆی دایمەزراندووە (بەتایبەت لەکۆتایی تەمەنیدا)، فەلسەفەیەکی ئایدیالیستانەیە لەسەر بنەمایەکی دێکارتی ڕادەوەستێت. بەڵام میتۆدی فینۆمینۆلۆژی فەلسەفە نییە و میتۆدێکە، ئێمە دەتوانین بەکاری بهێنین بۆ ناسینی جیهانی دەرەوە، یاخود بۆ ناسینی ئەو هەقیقەتەی ئێمە دەمانەوێت خەسڵەتەکانی بدۆزینەوە.

هایدیگەر سودی لە میتۆدی فینۆمینۆلۆژی وەرگرتووە، بۆ ناسینی بوون. ئەگەر بەشی یەکەمی (بوون و کات) بخوێنیتەوە، هەموو پرۆژە ئۆنتۆلۆژیەکەی هایدیگەرت دەکەوێتە بەردەست و لەوێدا هەوڵدەدات، لە واتای بوون بکۆڵێتەوە بەمیتۆدێکی فینۆمینۆلۆژی. لەوێشدا هۆسێرل دەبەستریتەوە بە هایدیگەرەوە.

گەرنا بە بڕوای من بەر لە هایدیگەر هۆسێرل بخوێنیتەوە، پێموا نییە سودێکی ئەوتۆی لێ ببینیت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە بۆ خوێنەری هایدیگەر، بزانێت میتۆدی فینۆمینۆلۆژی چییە. لەبەرئەوەیە ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ هۆسێرل. نەك بۆ ئەوەی شارەزاییمان لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیدا هەبێت، بەڵکو دەمانەوێت بزانین ئەو میتۆدەی هۆسێرل دایمەزراندووە چۆنە، یاخود بە چ شێوەیەك لە فەلسەفەیەکی بونگەراییدا بەکاردەهێنرێت. تەنها پەیوەندیەکە ئەوەیە.

ئەوە ڕاستە کە هایدیگەر دەگەڕێتەوە لای فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانیو ئەڵبەتە لەو گەڕانەوەشیدا، مەبەستی خۆی هەیە. فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان لەپێش ئەفلاتووندا فەلسەفەیەکی ئۆنتۆلۆژی بووە، بە تایبەت لای پارمنیدس و هێراکلیت. بەڵام دواتر ئەفلاتوون دێت و ئەو فەلسەفە ئۆنتۆلۆژیە دەگۆڕێت بۆ فەلسەفەیەکی مێتافیزیکی.

واتە لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە کەلتوری فەلسەفی یاخود بیرکردنەوەی فەلسەفی ڕۆژئاوا، توشی نەریتێکی مێتافیزیکی بووە کە بیرکردنەوەی فەلسەفی لە بوون نامۆ کردووە. کەواتە مەبەستی گەڕانەوەی هایدیگەر بۆ فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، تەنها ئەوەیە. بەڵام زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی هایدیگەر، لە کتێبی (بوون وکات) ەوە دەست پێ بکەیت.

هاوڵاتی: یەکێك لەو پرس و باسانەی قسەی لەبارەوە دەکرێت، ئەوەیە دەڵێن ناکرێت مارتن هایدیگەر وەك فەیلەسوفێکی وجودی پۆلێن بکرێت، چونکە ئەو زیاتر فەیلەسوفێکی ئۆنتۆلۆژی بووە. بە پێی ئاگاداری ئێوە لە پرۆژە فەلسەفیەکەی ژان پۆڵ سارتەر و مارتن هایدیگەر کە فینۆمینۆلۆژیای ئەدمۆند هۆسێرل چاوگ و خاڵی دەسپێکی هەردووکیانە، دەکرێت باسی خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانی نێوان سارتەرو هایدگەرمان بۆ بکەیت؟ پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە ئایا هایدیگەر زیاتر بە چی دەناسرێت، فەیلەسوفێکی بونگەراییە یاخود فەیلەسوفێکی ئۆنتۆلۆژییە؟

د. محەمەد کەمال: فەیلەسوفێکی فەرەنسی لە هایدیگەر دەپرسێت: (تۆ فەیلەسوفێکی بوونگەرایت یان نا؟).
هایدیگەریش دەیزانی لەفەرەنسا بزوتنەوەیەکی بونگەرایی پەیدابووە و ئەو بزوتنەوەیەش سارتەر ڕێبەرایەتی دەکات. کە زیاتر گرنگی بە بوونی مرۆڤ دەدات و لە بوونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە.

بۆ خۆت دەزانیت سارتەر زیاتر پێداگری لەسەر بوونی مرۆڤ دەکاتو دەخوازرێت ڕاڤەی بوونی مرۆڤ بکات.
هایدیگەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت:(ئەگەر ئەوە بوونگەرایەتی بێت، من فەیلەسوفێکی بوونگەرانیم و خۆم بە بوونگەرا دانانێم). چونکە هایدیگەر بە تەنها ناخوازێت لە واتای بوونی مرۆڤ بکۆڵێتەوە، بە تایبەتی لە پرۆژەی (بوون و کات) دا دەبینین دەڵێت: (من دەمەوێت لە واتای بوون بکۆڵمەوە، بوون بە گشتی).

بۆ گەیشتن بە واتای بوونیش، ئێمە دەبێت لە شوێنێکەوە دەست پێ بکەین. بۆ نمونە من کە هاتم بۆ ئێرە(بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی)، ڕێگەیەکم گرتە بەرو لە شوێنێکەوە دەستم پێکرد. کەواتە ئەو ڕێگە گرتنەبەرە، یان ئەو هەبووەی هایدیگەر دەستی پێی دەگات و دەیکات بە خاڵی سەرەتایی لە توێژینەوە فەلسەفیەکەیدا، بوونی مرۆڤە. بەڵام ئەو لەوێدا ناوەستێت و دەیەوێت لە ڕێی شرۆڤەکردنی بوونی مرۆڤەوە، بە واتای بوون بە گشتی بگات.

بەڵام پرۆژە فەلسەفیەکەی سارتەر زۆر جیاوازترە و ئەو نایەوێت بە واتای بوون بگات، لەبەرئەوەی لە ڕێگە هایدیگەرەوە دەزانێت بوون چییە، بەڵکو دەخوازێت لە مانای بوونی مرۆڤ بکۆڵێتەوە و بزانێت بوونی مرۆڤ چییە. ئەوە خاڵێکی جیاوازیی نێوان ئەو دوو فەیلەسوفەیە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە بیرت بێت سارتەر زۆر باس لە بوون و جەوهەر دەکات، لێرەدا دوو لایەنییەك دروست دەبێت .سارتەر ناڵێت جەوهەر نییە، بەڵکو دەڵێت جەوهەر هەیە، بەڵام جەوهەر دوای بوون دەکەوێت، بە تایبەتی لە بوونی مرۆڤدا. مرۆڤ دێتە کایەوە، لەناو جیهاندا پەیدا دەبێت، دوایی لە ڕێی هەڵبژاردنەکانیەوە جەوهەر بۆ خۆی دروست دەبێت.

هاوڵاتی: واتە ماهییەتی؟

د. محەمەد کەمال: بەڵێ ، ماهییەتی... چییەتی. جەوهەر نەك بەو چەمکەی ئەرستۆ بەکاری هێناوە، بەڵکو بەشێوەیەکی بوونگەرایی. زۆر زەحمەتە بزانین هایدیگەر ئەم بۆچونەی هەیە یا ن نا، چونکە لە هیچ شوێنێك باسی دوولایەنێتی بوون و جەوهەر ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێیوایە ئەم دوو لایەنێتیە جۆرێکە لە بیرکردنەوەی مێتافیزیکیانەو دەبێت ئێمە، خۆمانی لێ بە دووربگرین لە فەلسەفەی بوونگەرایەتیدا.

ئەو دەڵێت (جەوهەری مرۆڤ لە بونیدایە). هەرچەندە چەمکی جەوهەر بەکاردەهێنێت، بەڵام لەوە زیار شرۆڤەی ناکات. جەوهەری مرۆڤ لە بوونیدایە، واتە بوونی مرۆڤ خودی جەوهەرەکەیە. ئەمە بەشێکە لە جیاوازیەکانی نێوان سارتەر و هایدیگەر.

لێرەوە هایدیگەر دەیەوێت خۆی لەو بزوتنەوە بوونگەراییە بە دووربگرێت کە لە فەرەنسا سەریهەڵدا و تەنها ویستیان ئەوە بوو، لە مانای بوونی مرۆڤ تێبگەن. هایدیگەر دەڵێت:(من دەمەوێت لە واتای بوونی مرۆڤ تێبگەم، بەڵام ئەوە تەنها ڕێچکەیەکە بۆ گەیشتن بە واتای بوون بە گشتی). ئەڵبەتە جیاوازیەکەش لەوەدایە.

لەبەشی دوەمی چاوپێکەوتنەکەدا، د.محەمەد کەمال باس لە " فەلسەفەی بوونگەرایی و پەیوەندی ئەو بە سارتەرەوە ، هەروەها پرسی باوەڕبوون و بێباوەڕی" هایدیگەر دەکات،وە پەیوەندی هایدیگەر بە کەنسیەو ئاینەوە دەخاتە ڕوو.

هاوڵاتی: یەکێك لەو پرس و باسانەی قسەی لەبارەوە دەکرێت، ئەوەیە دەڵێن ناکرێت مارتن هایدیگەر وەك فەیلەسوفێکی وجودی پۆلێن بکرێت، چونکە ئەو زیاتر فەیلەسوفێکی ئۆنتۆلۆژی بووە. بە پێی ئاگاداری ئێوە لە پرۆژە فەلسەفیەکەی ژان پۆڵ سارتەر و مارتن هایدیگەر کە فینۆمینۆلۆژیای ئەدمۆند هۆسێرل چاوگ و خاڵی دەسپێکی هەردووکیانە، دەکرێت باسی خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانی نێوان سارتەرو هایدگەرمان بۆ بکەیت؟ پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە ئایا هایدیگەر زیاتر بە چی دەناسرێت، فەیلەسوفێکی بونگەراییە یاخود فەیلەسوفێکی ئۆنتۆلۆژییە؟

د. محەمەد کەمال: فەیلەسوفێکی فەرەنسی لە هایدیگەر دەپرسێت: (تۆ فەیلەسوفێکی بوونگەرایت یان نا؟). هایدیگەریش دەیزانی لەفەرەنسا بزوتنەوەیەکی بونگەرایی پەیدابووە و ئەو بزوتنەوەیەش سارتەر ڕێبەرایەتی دەکات. کە زیاتر گرنگی بە بوونی مرۆڤ دەدات و لە بوونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە.

بۆ خۆت دەزانیت سارتەر زیاتر پێداگری لەسەر بوونی مرۆڤ دەکاتو دەخوازرێت ڕاڤەی بوونی مرۆڤ بکات. هایدیگەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت:(ئەگەر ئەوە بوونگەرایەتی بێت، من فەیلەسوفێکی بوونگەرانیم و خۆم بە بوونگەرا دانانێم). چونکە هایدیگەر بە تەنها ناخوازێت لە واتای بوونی مرۆڤ بکۆڵێتەوە، بە تایبەتی لە پرۆژەی (بوون و کات) دا دەبینین دەڵێت: (من دەمەوێت لە واتای بوون بکۆڵمەوە، بوون بە گشتی).

بۆ گەیشتن بە واتای بوونیش، ئێمە دەبێت لە شوێنێکەوە دەست پێ بکەین. بۆ نمونە من کە هاتم بۆ ئێرە(بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی)، ڕێگەیەکم گرتە بەرو لە شوێنێکەوە دەستم پێکرد. کەواتە ئەو ڕێگە گرتنەبەرە، یان ئەو هەبووەی هایدیگەر دەستی پێی دەگات و دەیکات بە خاڵی سەرەتایی لە توێژینەوە فەلسەفیەکەیدا، بوونی مرۆڤە. بەڵام ئەو لەوێدا ناوەستێت و دەیەوێت لە ڕێی شرۆڤەکردنی بوونی مرۆڤەوە، بە واتای بوون بە گشتی بگات.

بەڵام پرۆژە فەلسەفیەکەی سارتەر زۆر جیاوازترە و ئەو نایەوێت بە واتای بوون بگات، لەبەرئەوەی لە ڕێگە هایدیگەرەوە دەزانێت بوون چییە، بەڵکو دەخوازێت لە مانای بوونی مرۆڤ بکۆڵێتەوە و بزانێت بوونی مرۆڤ چییە. ئەوە خاڵێکی جیاوازیی نێوان ئەو دوو فەیلەسوفەیە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە بیرت بێت سارتەر زۆر باس لە بوون و جەوهەر دەکات، لێرەدا دوو لایەنییەك دروست دەبێت .سارتەر ناڵێت جەوهەر نییە، بەڵکو دەڵێت جەوهەر هەیە، بەڵام جەوهەر دوای بوون دەکەوێت، بە تایبەتی لە بوونی مرۆڤدا. مرۆڤ دێتە کایەوە، لەناو جیهاندا پەیدا دەبێت، دوایی لە ڕێی هەڵبژاردنەکانیەوە جەوهەر بۆ خۆی دروست دەبێت.

هاوڵاتی: واتە ماهییەتی؟

د. محەمەد کەمال: بەڵێ ، ماهییەتی... چییەتی. جەوهەر نەك بەو چەمکەی ئەرستۆ بەکاری هێناوە، بەڵکو بەشێوەیەکی بوونگەرایی. زۆر زەحمەتە بزانین هایدیگەر ئەم بۆچونەی هەیە یا ن نا، چونکە لە هیچ شوێنێك باسی دوولایەنێتی بوون و جەوهەر ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێیوایە ئەم دوو لایەنێتیە جۆرێکە لە بیرکردنەوەی مێتافیزیکیانەو دەبێت ئێمە، خۆمانی لێ بە دووربگرین لە فەلسەفەی بوونگەرایەتیدا.

ئەو دەڵێت (جەوهەری مرۆڤ لە بونیدایە). هەرچەندە چەمکی جەوهەر بەکاردەهێنێت، بەڵام لەوە زیار شرۆڤەی ناکات. جەوهەری مرۆڤ لە بوونیدایە، واتە بوونی مرۆڤ خودی جەوهەرەکەیە. ئەمە بەشێکە لە جیاوازیەکانی نێوان سارتەر و هایدیگەر.

لێرەوە هایدیگەر دەیەوێت خۆی لەو بزوتنەوە بوونگەراییە بە دووربگرێت کە لە فەرەنسا سەریهەڵدا و تەنها ویستیان ئەوە بوو، لە مانای بوونی مرۆڤ تێبگەن. هایدیگەر دەڵێت:(من دەمەوێت لە واتای بوونی مرۆڤ تێبگەم، بەڵام ئەوە تەنها ڕێچکەیەکە بۆ گەیشتن بە واتای بوون بە گشتی). ئەڵبەتە جیاوازیەکەش لەوەدایە.

هاوڵاتی : زۆرێك لە لێکۆڵیاران، فەیلەسوفانی بوونگەرایی بەسەر دوو بەرەدا دابەش دەکەن (باوەڕدار و بێباوەڕان،) ئایا کەسێکی وەکو هایدیگەر دەکەوێتە کام بەرەیان؟

د. محەمەد کەمال: هایدیگەر لە هیچ شوێنێکدا باسی ئەوە ناکات کە خوا هەیە یان نییە، بەڵام ئەگەر سەیری نوسینەکانی و هەڵوێستی ژیانی بکەیت، لە سەرەتاوە کەسێك بووە بڕوای بە هێزێك هەبووە (نەك بڕوایەکی ئایینی بەڵکو بڕوایەکی فەلسەفی). بۆ نموونە لەسەر توانا‌سازی کڵێسای کاتۆلیکی، دەبێت بە مامۆستا و وانەی فەلسەفەی مەسیحی وتوتەوە بۆ ماوەیەك. بەڵام هەر زووهەستی کردووە ناتوانێت وانەی فەلسەفەی مەسیحی بڵێتەوە، لەبەرئەوەی بڕوای پێینەبووە وازی هێناوە.

هاوکات وەك دەزانرێت لە ئایینی مەسیحیدا سەروەختێك منداڵێك لە دایك دەبێت، دەیبەن بۆ کڵێسا و دەیشۆن.

هاوڵاتی : تەعمید دەکرێت

د. محەمەد کەمال: بەڵێ تەعمید دەکرێت. هایدیگەر منداڵی یەکەمی تەعمید کردووە، لەبەرئەوەی کەشیشی کڵێسا کە هاوڕێی خۆی بووە و لە شارۆچکەیەکی بچوکدا ژیاون، لەبەر هاوڕێکەی ئەمیش چووە و ئەو پرۆسە ئایینیەی ئەنجامداوە. بەڵام کە منداڵی دووەمی بووە و بردوویانە بۆ تەعمید کردن، نامەیەکی بە دەستی هاوسەرەکەیدا ناردووە بۆ کەشیشەکە و تیایدا دەڵێت: (من ناتوانم بێم بۆ کڵێسا، چونکە باوەڕم بەو دەزگا ئایینیە نییە).

ئەڵبەتە هایدیگەر ئەم هەڵوێستانەی هەبووە. ئیتر پاش ئەوە بە تەواوەتی لە ئایین دوورکەوتوتەوە و لە هیچ نوسراوێکیشیدا نەهاتووە باسی وجودی خودا بکات و بڵێت خوا هەیە یان نییە، لەبەرئەوە زۆر زەحمەتە بڵێیت فەیلەسوفێکی ئیماندار‌بووە یان بێباوەڕ بووە. بەڵام زۆربەی لێکۆڵیاران وەك فەیلەسوفێکی بێ باوەڕ ناونوسی دەکەن.

هاوڵاتی: دەربارەی ئەوبۆچونە دەڵێیت چی کە پێیوایە: (هایدیگەر پیاوێکە بۆ هەموو سەردەمەکان دەشێت)؟

د. محەمەد کەمال: بڕواناکەم هیچ فەیلەسوفێك یان هیچ بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی، بۆ هەموو سەردەمێك دەست بدات. هەموو فەلسەفەیەك سەردەمی خۆی هەیە. بۆ نمونە هەموو دەزانین مارکسیزم لە سەردەمێکدا تاکە فەلسەفەیەك بوو کە جیهان موبتەلای بوو بوو، تەنانەت زۆربەی زۆری ڕۆشنبیرانی کوردیش مارکسی بوون. من خۆم باوکم شیوعی بوو (کەسێکی مارکسی بوو).

بەڵام ئەمڕۆ زۆر کەم کەسێك ببینین لە کۆمەڵگەدا مارکسییانە بیربکاتەوە. ئەڵبەتە من قسە لەوە ناکەم کە فەلسەفەی مارکسیزم مردووە، بێگومان فەلسەفە نامرێت و ئەمێنێتەوە. بەڵام وەکو بزوتنەوەیەکی فیکری، دووچاری شکست دەبێت و تواناو هێزی ڕوو لە داکشان دەکات.

بۆیە فەلسەفەی بونگەرایەتیش (ئیتر هایدیگەریانە بێت یاخود سارتەریانە)، سەردەم و قۆناغی خۆی هەیە و ئەگەر لەو قۆناغەدا تەفسیرێکی تەواوی خۆی بۆ واقیعەکە هەبێت، دەمێنێتەوە و دەتوانێت کاریگەر بێت. بەڵام بڕوام بەوە نییە هیچ بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی، بۆ هەموو سەردەمێك دەست بدات.

هاوڵاتی: هایدیگەر خولیای سەرەکی پرسی کەینونە بووە، کەچی بۆ سۆراخکردنی ئەو پرسە لە (عەدەم) ەوە دەست پێدەکات. ئایا هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوەبۆ ئەوەی بڕوای بەیەك پارچەیی بوون و عەدەم هەبووە، وەك قەناعەتی یەکێك لە فەیلەسوفە پێش سوکراتییەکانی وەك هێراکلیت کە بڕوای بە یەکپارچەیی بوون و نەبوون هەبووە؟

د. محەمەد کەمال: بڕواناکەم ئەو لە عەدەم یان لە نەبوونەوە دەست پێ بکات، گەر نا ئەوا نەدەبووبەبیریارێکی بوونگەرا، چونکە هەموو بوونگەرایەك لەبوونەوە دەست پێدەکات. بەڵام ئەو لە ڕێی تێگەیشتن لەواتای بوون، دەیەوێت لەواتای عەدەمیش بکۆڵێتەوە. ئایا ئەگەر بوون هەبێت، نەبوون هەیە یان نا. لەبەرئەوەی کێشەکە پارادۆکسە. کە دەڵێیت نەبوون هەیە، پارادۆکسە.

چونکە شتێك کە هەبێت، دەبێت بوون بێت نەك نەبوون. بەڵام نەبوون لە کوێدا سەرهەڵدەدات، لەگەڵ بوونی مرۆڤدا سەرهەڵدەدات. بوونی مرۆڤ ئەو جۆرە هەبووەیە کە هەیەو نییە. هەبوویەکە بە نەبوونەوە پەیدا بووە.

ئەوکاتێك پەیدا دەبێت وەکو باسمان لێکرد لە فەلسەفەی سارتەردا، خاوەنی هیچ جەوهەرێك نییە.. واتە هێزێك نییە پێش ئەوەی بوونی مرۆڤ پەیدا بکات، نەخشەی بۆ دابڕێژێت لە ژیاندا و جەوهەرێکی نەگۆڕی بۆ دامەزرێنێت. مرۆڤ پەیدادەبێت و دێتە ناو جیهانەوە، بە نەبونییەوە پەیدادەبێت، بە هەژارییەوە دێتە ئارا، بەڵام لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت ئەو بوونەی خۆی پڕبکاتەوە. لێرەوە نەبوون بەستراوە بە بوونی مرۆڤەوە، نەك بە واتای بوون بە گشتیەوە.

کە تۆ دەڵێیت بوون بە گشتی بنەڕەتی هەموو شتێکە، دەبێت بە بنەڕەتێکی ئۆنتۆلۆژی بۆ هەموو شتێك، ئەو بوونە قبوڵی نەبوون ناکات. واتە زەحمەتە لەگەڵ ئەو بوونەدا نەبوون دانێیت.

**هاوڵاتی: ئایا ئەو هونەرەی لەگەڵ هایدیگەر دا فێری دەبین، بریتی نییە لە هونەری پرسیارکردن؟**

د. محەمەد کەمال:  یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی بوونی مرۆڤ، پرسیارکردنە. پرسیارکردن مرۆڤ لە هەبووەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. ئاژەڵ پرسیار ناکات، ئەم مێزەی بەردەممان وەك هەبوویەك پرسیار ناکات، بەڵام من و تۆ پرسیار دەکەین، بەردەوام پرسیار دەکەین.

بۆچی؟ چونکە ئێمە بە نەبوونییەوە پەیدابووین، بۆ گەیشتن بە بوونی خۆمان پێویستمان بە پڕۆژە دانان هەیە. دەبێت ئەگەرەکانی بوونی خۆمان بکەین بە پڕۆژە لە ژیانماندا. پێویستە داهێنەر بین، ئەوەش پێویستی بە پرسیارکردن هەیە. بە بێ پرسیارکردن، بوونی مرۆڤ نییە. ئەڵبەتە ئەمە ڕاستیەکی ئۆنتۆلۆژییە، لە فەلەسەفەی بوونگەراییدا. هەموو مرۆڤێك خاوەنی پرسیارە. ئەگەر مرۆڤێك پرسیاری نەبێت، ئەو مرۆڤە نامۆکراوە لە پرسیار.

**هاوڵاتی: واتە لە مرۆڤ بوونی خۆی دەکەوێت؟**

د. محەمەد کەمال: بەڵێ لە مرۆڤ بوونی خۆی دەکەوێت. بۆیە ئێمە دەڵێین:(ئۆنتۆلۆژیانە هەموو مرۆڤێك خاوەنی پرسیارە، بەڵام فینۆمینۆلۆژیانە مەرج نییە هەموو مرۆڤێك بتوانێت پرسیار بکات). چونکە تۆ کە دێیتە ناو کۆمەڵەوە، کۆمەڵ خاوەنی بەهاو کەلتووری خۆیەتی و بەسەر تۆدا دەیسەپێنێت. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە تۆ دەبیتە کەسێکی نامۆ.

من لە یەکەم ڕۆژەوە ناوێکم پێ دەدرێت کە خۆم هەڵم نەبژاردووە، ئایینێکم بەسەردا دەسەپێنرێت کە خۆم نەمویستووە. کەلتوورێکم بۆ دادەنرێت کە خۆم ئاگاداریم لەو کلتووره نییە چۆن دامەزراوە. لەبەرئەوە من ڕێگاکانی پرسیارکردنم لێ دەبەسترێت. با وەك نمونەیەك باس لە خۆم بکەم. من وەکو مرۆڤێك لە کۆمەڵگەیەکی کوردەواری موسڵماندا هاتوومەتە کایەوە، لەو ڕۆژەوەی لە دایك بووم ناوی منیان ناوە(محەمەد)، بەڵام ڕەنگە ڕۆژێك لە خۆمم نەپرسیبێت (ئەمە وەکی نمونە، چونکە من بۆخۆم پرسیاردەکەم)، باشە من بۆچی موسڵمانم؟ وا نییە؟

لەبەرئەوە مرۆڤ ئۆنتۆلۆژیانە خاوەنی پرسیار کردنە، بەڵام کە دێتە ناو کۆمەڵەوە ئەو دەسەڵاتەی لێدەسەنرێتەوە. نامۆ دەکرێت و لە مرۆڤ بوون دەخرێت. واتە توانای ئەوەی نابێت هەموو پرسیارێك بکات. مەگەر تەنها ئەو کاتەی خۆی هەوڵبدات، ببێت بە مرۆڤێکی ڕەسەن و یاخی بوو

**بەشی سێیەم**

**لەبەشی سێهەمدا، د.محەمەدکەمال، باس لە فەلسەفەی بوون وپەیوەندی هایدیگەر بە فەلسەفەی پێشخۆی، وە تاچەندە نزیکایەتی لە نێوان هایدگەرو نیتچەدا هەیە.**

هاولاتی: كه واته ئەمە ئەو شتەیە كە هایدیگەر لە پرۆژە فەلسەفیەكەیداباسی دەكات و دەڵێت:(مرۆڤ لە سەرەتادا كە دێت دەكەوێتە ناو قەرەباڵغی و هەڵدەخلیسكێتە ناو ئەو ئاپۆرەیەی پێی دەوترێت-مێگەل- و دواتر لە ڕێی دڵەراوكێ و پرسیاركردنەوە، دەیەوێت ببێتە دازاین و گوێ بۆ بانگەشەی بوون ڕابگرێت و بگەڕێتەوە لای خودی خۆی)؟

د.محەمەد كەمال: هایدیگەر لەو باوەڕەدایە دوو شێوازی بوون هەیە لەنێو كۆمەڵدا. ئەڵبەتە من بۆ خۆم لە پرۆژە فەلسەفیە تازەكەمدا، كردوومە بەسێ شێوازی بوون نەك دوو شێوازی بوون .بەڵام هایدیگەر دەڵێت:(دوو شێوازی بوون هەیە)، شێوازێكیان شێوازی ڕەسەنانەی بوونە كەوتم مرۆڤ ئۆنتۆلۆژیانە ڕەسەنە. ئێمە كە لە دایك دەبین خاوەنی هیچ جەوهەرێكی نەگۆڕ نین، بە نەبوونییەوە لە دایك دەبین، دەمانەوێت ڕێگای خۆمان بگرین، تاكو بوونی خۆمان پربكەینەوە،جا لێرەدا گەر من ڕەسەنانە بژیم، خۆم دەمەوێت بگەم بە بوونی خۆم. ئەگەرەكانی دەكەم بە پرۆژە، ڕێگە نادەم كەسێكی دیكە پرۆژەكانم بۆ هەڵبژێرێتو بڕیار لەسەر پرۆژەكانم بدات. كەواتە من لێرەدا كەسێكی ڕەسەنم. سەربەستانە دەژیم، داهێنەرانە دەژیم.

بەڵام زۆربەی كات تاكەكانی ناو كۆمەڵ، بە حوكمی كەلتوورو دەسەڵاتە كۆمەڵایەتیەكان و دەزگا ئایینی و دامەزراوە نەریتیەكان نامۆ دەبن، ڕەسەنایەتیان لێ زەوت دەكرێت.لێرەدا هایدیگەرناڵێت كۆمەڵ دەڵێت (ئەوان)، چەمكی (ئەوان) بەكاردەهێنێت كە بە ئەڵمانی پێی دەڵێن (دەسمان). (ئەوان) واتە كۆمەڵ بەهاو كەلتوورو بیروبۆچونی خۆی بەسەر تاكەكاندا فەرزدەكاتو تاكەكان نا ڕەسەن دەردەچن .
هایدیگەر لە كتێبی(بوون و كات) دادەڵێت:(بۆ نمونە هەموو كەسێك یەك ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، هەموو كەسێك یەك ڕۆمان دەخوێنێتەوە، گوێ لە یەك جۆر گۆرانی دەگرێت، سەیری یەك جۆر لە فیلم دەكات و هەمووشیان وەكی یەك چێژی لێ دەبینن و حەزی لێدەكەن.)

واتە كەلتوورێكی بازاڕی وا دروست دەبێت كە هەموو تاكەكان حەزی لێدەكەن و پێی دڵخۆش دەبن. ئیتر لەوێدا جیاوازی نێوان تاكەكان بزر دەبێت. لە كاتێكدا هەموو تاكێك جیاوازە. مەحاڵە بڵێین من و تۆ وەكو یەكین و جیاوازیمان نییە. تۆ تایبەتمەندی خۆتت هەیە و من تایبەتمەندی خۆمم هەیە.

بەڵام ئەو كەلتووره باوەلەنێو ئەواندا، ئەوجیاوازیانە لەناو دەبەن و تایبەتمەندیەكان دەكوژن. كەلتوورێكی بازاڕی باو دروست دەكەن، مرۆڤەكان نامۆ دەكەن. بەمجۆرە هەموو كەسێك بە ناڕەسەنی ژیان دەگوزەرێنێت. ئەڵبەتە ئیتر لەوێدا ڕۆڵی زمانیش دەگۆڕێت.

حەزدەكەم باسی ئەو حاڵەتەش بكەم .هایدیگەر دەڵێت: (لەناو ئەو كەلتووره بازاڕییەدا زمانێك دروست دەبێت، هەموو كەسێك پێی دەدوێت و قسەی پێدەكات). ئەڵبەتە مەبەستی هایدیگەر ئەوە نییە، پێویستە هەركەسە و زمانی جیاوازی خۆیی هەبێت. لەم سەروبەندەدا یەك گوتار دێت و هەیمەنە دەكات كە دەتوانین ناوی بنێین(گوتاری لەكاركەوتوو). گوتارێك كە هیچ هەقیقەتێك بەیان ناكات و تەنها و تەنها گوتارێكی لەكاركەوتووە .
بۆ نموونە بەیانی كە من دێم بۆ لای ئێوەو دەڵێم:(وەڵڵا ئەمڕۆئاووهەوا خۆشە). ئێوە هەموو دەزانن ئاو و هەوا خۆشە. واتە ئەو گوتارەی من هیچ ئیزافەیەكی نییە بۆ ئێوە و هیچ شتێكی تازەتان پێ ناڵێت. لێرەدا ئیدی ئەو گوتارە لە كاركەوتووە زاڵ دەبێت بەسەر نوسیندا، بەسەر بواری ڕۆژنامەگەریدا، بەسەر كەناڵەكانی ڕاگەیاندندا، بەسەر ژیانی ڕۆژانەدا و هیچ جیاوازیەك لە نێوان تاكەكاندا نامێنێت.

لێرەدا حەزدەكەم چیرۆكێكت بۆ بگێرمەوە، یاخود بڵێم ڕوداوێك نەك چیرۆكێك. فردریك نیچەكە دەچێت بۆ ئۆپێراكەی ڕیچارد ڤاگنەر، دەبینێت هەرچی هەیە لەوێدا بەرزەپێ ڕادەوەستان و چەپڵە بۆ كارەكەی لێدەدەن. ئەمە نیچە زۆر تووڕە دەكات و بە خێرایی هۆڵەكە جێدێڵێت.

هاولاتی: ئەمە ئەو ئۆپێرایەیە كە نیچە لە ڤاگنەر نائومێد دەكات؟
د.محەمەد كەمال: بەڵێ ، بەڵێ. نیچە دەڵێت گەر هەموو ئەم خەڵكە وەكو یەك حەز لەو ئۆپێرایە بكەن، كەواتە ئەو ئۆپێرایە هیچ بەهایەكی هونەری نییە. چونكە ئەو كارە هونەرییە دابەزیووەتە ئاستی مرۆڤە سادەكان. ئەگەر ئەو ئۆپێرایە ئاستێكی هونەری بەرزی هەبوایە، تەواوی ئەو عەشاماتە لێی حاڵی نەدەبوون. بەڵام كاتێك هەموو ئەوانە بە بێ جیاوازی چێژی لێ دەبینن، كەواتە ڤاگنەر و كارە هونەریەكەی دابەزیووەتە ئاستی تێگەیشتنی كەسە سادەكان . ئەڵبەتە ئەوە ئەو كەلتووره بازاڕییەكە هایدیگەریش باسی دەكات.

هاولاتی: ئەم قسانەی ئێوە دەمگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی بڵێم:(بوونی ڕەسەن كەسێكە بەرپرسیارە و بوونی ناڕەسەنیش ئەو بوونەیە كە هیچ بەرپرسیارێتیەك ناگرێتە ئەستۆ)؟

د.محەمەد کەمال: ئەو پرسیارە زۆر جوانە. بوونی ڕەسەن بنەمای هەیە،بنەمای ئۆنتۆلۆژی خۆیی هەیە. وەکو باسمکرد مرۆڤ لە بنەڕەتەوە بە نەبوونییەوە هاتۆتە ناو بوون و پەیدا بووە، چونکە کاتێك کە لە دایك بوویت و هاتویتە جیهانەوەهیچ نەبوویت، واتە ئەم )شوانە) نەبوویت کە ئێستا هەیت. بەڵام خۆت پێگەیاندووە، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەگەرەکانت و بە پرۆژە کردنی ئەگەرەکانی خۆتەوە، بڕیارت داوە ببیت بە نوسەر، بە ڕۆژنامەنووس، بە شاعیر. ئەمە بوونێکی ڕەسەن بۆ تۆ دروست دەکات، چونکە خۆت بڕیار لەسەر پرۆژەکانی خۆت دەدەیت.

واتە سەربەستیت کە سەربەستیش بوویت بەرپرسیت لەو هەڵبژاردنەت. ئێستە ناتوانیت بڵێیت هێزێکی دەرەکی منی کردووە بە نوسەر و خۆم بەرپرس نیم لەوەی کە هەیە. بۆ نمونە لە ئایینەکاندا باسی قەدەر دەکەین و دەڵێین ئەوەی ڕویدا قەزاوقەدەرەو دەسەڵاتی منی تێدا نییە، ئەوەخۆ دزینەوەیە لە لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

مرۆڤی ناڕەسەنیش ئەو مرۆڤەیەکە هەندێ جار کۆمەڵگە بەهاکان فەرز دەکات بەسەریدا، هەندێ جاریش خۆی ترسی هەیە، چونکە ناتوانێت بەرخورد بکات و ناتوانێت ڕەسەنانە بژی. مرۆڤێکی ترسنۆکە، لەبەرئەوە دەڵێت ئاسانترە بۆ من لەگەڵ مێگەلەکەبم و شوێن ڕەوەکە بکەوم، چونکە لەوێدا هیچ لێپرسینەوەیەکی تێدا نییە.من بەرپرسیار نیم لەوەی دەیکەم، لەبەرئەوەی هەموو کەس ئەوە دەکات.
لەبەرئەوەیە ئێمە دەڵێین مرۆڤی ناڕەسەن مرۆڤێکە، خۆی بەبەرپرسیار نازانێت لە ئاستی هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانیدا. لە فەلسەفەی بوونگەراییدا ئەوە ناودەنرێت (پڕوای خراپ) و سارتەر لە کتێبی (بوون و نەبوون) دا باسی دەکات.

واتە بە هیچ شێوەیەك مرۆڤ ناتوانێت خۆی لە لێپرسینەوەبدزێتەوە، بەڵام خۆشی دەدزێتەوە و ئەو کاتەشی خۆی دزییەوە ،خۆی بە نامرۆڤ دەکات. چونکە لە بنەڕەتە ئۆنتۆلۆژیەکەوە مرۆڤ سەربەستە، بەرپرسە و دەبێت هەڵبژێرێت. بەڵام کە تۆ دەڵێیت من سەربەست نیم، واتە تۆ خۆت لە مرۆڤ بوون دور خستۆتەوە.
هاوڵاتی: واتە حاشات لە مرۆڤ بوونی خۆت کردووە؟
د.محەمەد کەمال: بەڵێ، حاشات لە مرۆڤ بوونی خۆت کردووە و خۆت کردووە بە کاڵا. ئەوە جۆرێکە لە نامۆ بوون و خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی.
هاوڵاتی: ئایا فەیلەسوف لای هایدیگەر کێیە؟ ئەو کەسەیە پرسیار دەوروژێنێت، یاخود ئەوەیەکە گوێ بۆ بانگهێشتی بوون ڕادەدێرێت؟
د.محەمەد کەمال: -بەڵێ. لەم پرۆژە فەلسەفیە تازەیەمدا بەناوی فەلسەفەی بوون کە بەم زووانە دەکەوێتە بازارەوە، ئەم پرسیارەم وروژاندووە ..بێگومان نەك بۆ هایدیگەر، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەی بڕوایان بە بونگەرایەتی هەیە، فەلسەفە خۆی بە گەورەترین پرسیارەوە ماندوو دەکات. گەورەترین پرسیار، ئەویش واتای بوونە . ئایا بوون چییە؟ئەمە گەورەترین پرسیاری فەلسەفەیە. ئەگەر بیرکردنەوەی فەلسەفی لەمجۆرە پرسیارە دوور خەینەوە، فەلسەفە نامۆ دەبێت .نامۆ دەبێت لە گەورەترین پرسیاری فەلسەفی، لە گەورەترین بابەتی فەلسەفی کە دەیەوێت لێی بکۆڵێتەوە.

ئەوانەی خۆیان بە لایەن و ڕەهەندێکی بوونەوە ماندوو کردووە، بۆ نمونە ئەفلاتوون نایەت بڵێت بوون چییە؟ ئەو دەڵێت بنەڕەتی هەموو شتێك (فۆرمەهەمەکیەکانە لە جیهانی ئایدیالدا). بەڵام ئەو فۆرمە هەمەکییانە بوون نین، بەڵکو جۆرێکن لە هەبوون .بۆ نمونە ئێمە دەڵێین نان هەیە، ناڵێین نان بوونە، چونکە نان بەشێکە لە بوون ئەگەر هەبێت. هەیە، شتێکی هەبووە، بەڵام ناڵێین بوونە.
گەر بێتو نان وەك فۆرمێکی هەمەکی بکەین بە بنەڕەتی بوون، کەواتە تۆ بیرکردنەوەکەت فەلسەفیانە نییە. ئەگەر فەلسەفیانەش بێت، جۆرێکە لە نامۆ بوونی فەلسەفە. لەبەرئەوەیە بەبڕوای ئێمە لە ئەفلاتوونەوە فەلسەفەی ڕۆژئاوا بە جۆرێك لە نامۆ بووندا تێپەڕبووە، تاکو دێتە سەر دوا بیریار کە فردریك نیچەیە. بەڵام لە مارتن هایدیگەرەوە شتەکان دەگۆڕێت و فەلسەفە جارێکی دی دەبێتەوە بە ئۆنتۆلۆژی، جا لەبەرئەوە فەلسەفە ئۆنتۆلۆژییە نەك مێتافیزیك.

هاوڵاتی: بەبڕوای هایدیگەر هەقیقەتی بوون لە حەکیمەکانی پێش سوکراتەوە(ئەنیکسیماندەرس و ئاناکسیگۆراس و پارمنیدس و هێراکلیتەوە)، لەژێر جەبری ڕەوتی مێتافیزیکای ڕۆژئاوادا شاردراوەتەوەو بزر بووە. ئایا ئەوەی کۆتایی بەم کاروانە سەر لێشێواوە دێنێت فردریك نیچە نییە؟
د.محەمەد کەمال: وەکو باسمانکرد بەر لە ئەفلاتوون چەند هەوڵ و تەقەللایەك هەبووە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە تۆ ناوت هێنان، ئەمانە جۆرێك لە ئۆنتۆلۆژیایان باسکردووە و هەوڵیانداوە فەلسەفە بە واتای بوونەوە گرێ بدەن. بەڵام دوای ئەوان ئەفلاتوون هاتووە و ڕەوتی بیرکردنەوەی بەجۆرێکی دی گۆڕیوە.

لێرەوە ئیدی ئەو نەریتە ئەفلاتونیە دەبێتە بیرکردنەوەی زاڵو ماوەتەوە تا سەردەمی مۆدێرنە .ئەڵبەتە بە بۆچونی بوونگەراکانیش، پرۆژەی مۆدێرنە جۆرێکە لە درێژبوونەوەی ئەو نەریتە مێتافیزیکیەی ئەفلاتوون. نیچە دواین بیریارە لەم نەریتە مێتافیزیکیەدا، تا ڕادەیەك هەوڵی داوە ئەو نەریتە مێتافیزیکیە بگۆڕێت، بەڵام لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبووە.

نیچە لە نوسینێکی دا دەڵێت:(ئەم وێرانە خاکە). مەبەستی لەو وێرانە خاکە ئەو شارستانیەتەیە کە ئەو نەریتە مێتافیزیکیەی هێناوەتە ئاراو پێویستە بگۆڕێت. ئەگەر بەردەوام بێت، ئەوا مرۆڤ بەرپرسیارە لە درێژەدان بەو وێرانە خاکییە. بەرزە مرۆڤ دەبێت بگاتە ئاست و قۆناغێك، کۆتایی بەم نەریتی وێرانە خاکە بێنێت، نەریتی مێتافیزیکی.

بەڵام هاوکات نیچە خۆی هەوڵی نەداوبە تەواوی لە پرۆژە فەلسەفیەکەیدا، ئەو نەریتەمێتافیزیکیە ئەفلاتوونیە بگۆڕێت و ئەویش وەك ئەفلاتوون و وەك ڕێنییە دیکارت، جۆرێك لە هەبوو دەکات بە بنەڕەت (وەکو ویستی هێز). ئەوەتا دەڵێت:(ویستی هێز بنەڕەتی هەموو شتێکە). بەڵام ویستی هێز بۆ خۆی هەبووییەکە یاخود بەشێکە لەبوون و هەموو بوون نییە.

لێرەدا نیچە جارێکی دی دەگەڕێتەوە نێو بازنەی نەریتە مێتافیزیکیەکە. ئەڵبەت بە بڕوای ئێمە هەوڵی ئەوەی داوە کۆتایی بە ڕەوتی مێتافیزیکای خۆرئاوایی بهێنێت، بەڵام هەوڵدانەکەی سەرکەوتوو نەبووە. لەبەرئەوە هایدیگەر دێت و بە پرۆژەیەکی نوێوە دەست بەو پرۆسەیە دەکات و دەڵێت:( ئەوە منم دەمەوێت کۆتایی بە نەریتی مێتافیزیکی بێنم). هەر لەبەرئەو هۆیەشە کتێبی (بوون و کات) ی نووسیوە و لە سەرەتای ئەو شاکارەیدا، باسی دەکات کە پێویستە فەلسەفە بگەڕێتەوە بۆ ئۆنتۆلۆژیا.

بەشی چوارهەم

لەبەشی پێنجەمی ئەم چاوپێکەوتنەدا، د.محەمەد کەمال باس لە هەردوو چەمکی " ترس و دڵەراوکێ " دەکات لای هایدگەر، هەروەها جیاوازی نێوان هادیگەر و سۆرین کیرکەگارد لەمەڕ ئەم دوو چەمکە دەخاتە ڕوو.

هاوڵاتی: جان بۆفرێ وەك هایدیگەر ناسێکی فەرەنسی و خوێندکارێکی فەلسەفەکەی، جارێکیان پێی دەڵێت:(دەمەوێت هەندێ جومگەی سەرەکی و گرنگی ناو کتێبی بوون و کاتم بۆ ڕون بکەیتەوە)، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: (گەر دەتەوێت لە ناوەڕۆکی کتێبە تێبگەیت و پەی بە جومگە سەرەکیەکانی بەریت، پێویستە بیست ساڵی تەمەنی خۆتی بۆ تەرخان بکەیت.(
لێرەدا پرسیارەکەی من هەر بە تەنها لەسەر زمانی کتێبی (بوون وکات (نییە، بەڵکو لەسەر ناوەڕۆکەکەی و ئەو بابەتانەشە کە قسەیان لەبارەوە دەکات؟

د.محەمەد کەمال : من لە ساڵی 1988 و دوای تەواو کردنی کارنامەی دکتۆراکەم کە لەسەر (لۆژیکی دیالەکتیکی هیگڵ) بوو، زۆر بە جدی هایدیگەرم خوێندەوە و بەردەوام و تا ئێستاش، هایدیگەر دەخوێنمەوە و وە نەبێت وازم لێهێنابێت. من ئەوە بۆ چارەکە سەدەیەکە خەریکی یەك جۆر فیکرم و لە هەوڵی تێگەیشتنیدام.

جاران ئێمە هەر (بوون و کات) و چەند کتێبێکی کەمی هایدیگەرمان لەبەردەستدا بوو، بەڵام ئێستا زۆر لەبەرهەمەکانی وەرگێردراون بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. بە داخەوە من ناتوانم بە زمانی ئەڵمانی نوسراوەکانی بخوێنمەوە، هەرچەندە بە ئەڵمانیەکەم تا ڕادەیەك دەتوانم شتی پێ بخوێنمەوە.
زۆر کتێبی هایدیگەر وەرگێردراون بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، بۆنمونە )فەلسەفە چییە، مێتافیزیك چیە؟ هەروەها لەسەر هونەر و لەسەر شیعر)، ئەوانە هەموو وەرگێردراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی. لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەو کتێبانەشەوە، تۆ دەتوانیت لە ناوەرۆکی (بوون و کات) تێبگەیت. چونکە (بوون و کات) هەرچەندە یەکەمین کتێب و دواین کتێبی هایدیگەرە نوسی بێتی، دواتر ئەو نوسراوانەی تر کە ئێستا هەن و لەبەردەستی خوێنەراندان، هەموویان وانەو سیمینار و بابەتی کۆرەکانیەتی. واتە تەنها کتێبێك هایدیگەر دانیشتبێت و نوسی بێتی (بوون و کات) ە.

هاوڵاتی: تەنانەت (کانت و کێشەی مێتافیزیکیش) هەرکتێب نییەو هایدیگەر وەك (بوون و کات) نوسی بێتی؟

د.محەمەد کەمال : ئەوەش هەر وانیە، زنجیرەیەك وانەیە و دواتر دەسکاری کردووە و بڵاوی کردۆتەوە. ئەڵبەتە هایدیگەر خۆشی دەڵێت: (فەیلەسوف هەر یەك کتێب دەنوسێت) و ئەوانەی دیکە کە دێن هەمووی ئیزافەیە. ئەڵەبەتە ئەو قسەیەی کە دەڵێت : (سەدەیەکی دەوێت تا ئێمە لە هایدیگەر بگەین)، لە ڕاستیدا بۆ خۆی ڕێز گرتنە لە هایدیگەر.

بەڵام لەو باوەڕەدام هەموو خوێندنەوەیەکی جدی لەلایەن خوێنەرانەوە، دەبێتە هۆی ڕونکردنەوەی ئەو بۆچونانەی کە فەیلەسوفان باسیان دەکەن.

هاوڵاتی: دوو چەمك هەن کە هایدیگەر لە پرۆژە فەلسەفیەکەیدا زۆر بە چرو پڕی باسیان دەکات، ئەوانیش (ترس و دڵە ڕاوکێن) و لە نێوان ئەم دوانەشدا جیاوازی دەکات. پێیوایە جیاوازی نێوان ترس و دڵە ڕاوکێ لەوەدایە کە ترس سەرچاوەکەی دیارە، بەڵام دڵە ڕاوکێ سەرچاوەکەی نادیارە. دەکرێت لەسەر چەمکی دڵە ڕاوکێ لای هایدیگەر هەندێ شتمان بۆباس بکەیت؟
د.محەمەد کەمال : بەڵێ، من لە جێی دڵە ڕاوکێ دوو دڵیم بەکارهێناوە. ئەگەر پێشم بڵێیت بۆچی، لەڕاستیدا نازانم بۆچی. دوو دڵیم لەبەردەستدا بووە و بەکارم هێناوە. بەڵام لە نێوان ترس و دوو دڵیدا، جیاوازیەکی گەورە هەیە. لێرەدا دوودڵی واتایەکی سایکۆلۆژی نییە و لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆژییەوە، هایدیگەر باسی دوودڵی ناکات. هەر لەبەرئەوەشە جیای دەکاتەوە لە ترس.
بەڵام بە داخەوە لە زمانی کوردیدا، زۆربەی کات ترس بەکاردەهێنین بۆنمونە دەڵێیت: (من دەمەوێت بچم لە دەرەوەی وڵات بخوێنم ، بەڵام ترسێکی زۆرم هەیە). ئەو وشەیە لەوێدا هەڵەیە، بەکارهێنانی وشەی ترس لەوێدا لە جێی خۆیدا نییە.

بەبۆچونی هایدیگەر مرۆڤ لە کاتی ئامادەبوونی مەترسییەکدا، ترس دایدەگرێت. بۆ نموونە ئێمە ئێستا لەم هۆڵەدا دانیشتووین، ئەگەر یەکێك پێمان بڵێت مارێك خۆی کرد بە ژووردا و مارێکی ژەهراوی لەناو هۆڵەکەدایە، ئێمە دەترسین. لەبەرئەوەی دەبێتە مایەی لەناوچونی ئێمە.
واتە مەترسیەك لێرەدا بونی هەیەو ئامادەیە، بەڵام چوون بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی خوێندن وەك پرۆژەیەك لە داهاتوودا، ئامادەبوونی نییە لە ئێستادا. واتە ئێستا تۆ نەچویتەتە دەرەوەی وڵات تاکو بخوێنیت، بەڵکو ئەوە پرۆژەیەکە و دەتەوێت لە داهاتوودا بیکەیت بە بەشێك لە بوونی خۆت.

لێرەدا تۆ لەو پرۆژەیە ناترسیت، بەڵکو دوو دڵ دەبیت لەوەی ئایا سەرکەوتوو دەبیت یاخود سەرکەوتوو نابیت. دوو دڵی لەوێدا دروست دەبێت و هەمیشە ڕوو لە داهاتوو دەکات، لە کاتێکدا مەترسی ڕووی لە ئێستایە و ئامادەبوونی مەترسییەکە لەبەردەم تۆدا. ئەوە ئەو جیاوازیانەیە کە هایدیگەر باسیان دەکات.

بەڵام وەکو ئاماژەمان پێدا، بۆچونەکانی بۆچونێکی سایکۆلۆژیی نییەو دەڵێت: (مرۆڤ هەر لە بنەڕەتەوە دوو دڵە).
واتە دوودڵی دەبێت بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژی بۆ بوونی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ بە نەبوونییەوە پەیدابووە و هەمیشە ڕوو لە داهاتوو دەکات . کەواتە مرۆڤ هەمیشە لە دڵەراوکێدایە .بەردەوام من لەگەڵ خۆمدا دەڵێم: (باشە سەرکەوتوو دەبم یان نا؟ ئایا ئەو کارەی لە داهاتوودا دەیکەم، من بەرپرسم لە وکارە یان نا؟ زیان بە کەسێکی دیکە دەگەیەنێت یاخود نا؟(
ئەڵبەتە من گەر مرۆڤێکی ڕەسەن بم بیر لەوپرسیارانە دەکەمەوە، یاخود ئەو پرسیارانە لە خۆم دەکەم. بەڵام مرۆڤێکی نا ڕەسەن دوودڵ نابێت، لەبەرئەوەی هەموو شتێکی بۆ ئامادەکراوەو وەڵامەکان بە حازری لەبەردەستیدان.

هاوڵاتی: ڕەنگە یەکێکی دی لەو فەیلەسوفە دیارانەی لەمێژووی فەلسەفەی خۆرئاوادا، بە بارتەقای هایدیگەر باسی لە دڵەراوکێ یان دوودڵی کردبێت بە قەولی جەنابت سۆرین کیرکەگارد بێت. ئایا خاڵی هاوبەش و جیاوازی نیوان هایدیگەر و کیرکەگارد لەسەر چەمکی دڵەراوکێ چییە؟

د.محەمەد کەمال : لەمەڕ پرسی دوودڵی، هایدیگەریش بۆ خۆی سودی لە کیرکە گارد وەرگرتووە. بنەڕەتی دوودڵی لە فەلسەفەی هایدیگەرو کریکەگارددا یەکە. شێوازی دوو دڵی لای هەردووکیان پەیوەستە بە داهاتووەوە.کیرکەگارد باسی دوو دڵی دەکات لە (ئادەم) دا و (ئادەم) ی وەکو نمونەیەك هێناوەتەوە کە چۆن لە فەرمانەکانی خودا یاخی دەبێت و خۆی لە ئاست یەزداندا بەتاوانبار دەزانێت.

ئەڵبەتە لەوێشدا پرسی گوناهکردن پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە . کیرکەگارد دەڵێت: (ئادەم ویستی بەداهاتووی خۆی بگات، بۆیە لە یەزدان یاخی بوو). بەڵام هایدیگەر پرسی دوو دڵی ناخاتە ئەوچوارچێوە ئاینیەوە. بەلای هایدیگەرەوە هەموومرۆڤێك، مادامەکی بە نەبوونییەوە لە دایك دەبێت و ڕوو لە داهاتوو دەکات، بە دوو دڵییەوە ئیشی خۆی دەکات، بەبێ ئەوەی ئەو دوو دڵییەی خەسڵەتێکی ئاینیانەی هەبێت.
هاوڵاتی: با بێینە سەر ئەو ڕەخنانەی هایدیگەر لە جیهانی مۆدێرن و کۆمەڵگای تەکنەلۆژی دەگرێت. تا چەند ئەو ڕەخنانەی ئەو لەگەڵ ڕەخنەکانی فردریك نیچەدا، دەبنە ژێرخانی ئەو پرۆژە فەلسەفیە ڕەخنەگرانەی لە فەرەنسادا سەرهەڵدەدات و بە فەلسەفەی پوست –مۆدێرنە ناوبانگ دەردەکات؟

د.محەمەد کەمال : وەکو دەزانیت بیریارانی پۆست مۆدێرن سودێکی زۆریان لە نیچە وەرگرتووە، یان وەکو ئەوەی ئێمە دەڵێین نیچە باوکی پۆست مۆدێرنەکانە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە نیچە هاتووە سستمی هەڵوەشاندۆتەوە، بیردۆزەی هەڵوەشاندۆتەوە. ئەمەش بۆ خۆی زۆر گرنگەو هەڵوەشاندنەوەی سستم بۆ پۆست مۆدێرنەکان، بناغەیەکی سەرەکییە. لە لایەکی دیکەوە نیچە خۆی مۆدێرنەی لەبەر یەکهەڵوەشاندووە و بڕوای بە مەرگی خود هەیە، چونکە لای ئەو خوا نییە. ئەگەر خوداش نەبێت خود نییە. ئەمانە هەموویان بنەمای پۆست مۆدێرنیتین.

هایدیگەریش بە هەمان شێوە باسی هەڵوەشاندنەوەی سستم دەکات، نەك بنەڕەت. بنەڕەت جیاوازە لە سستەم. هەروەها هایدیگەر پێداگیری زۆر لەسەر چەمکی جیاوازی دەکات و پێیوایە ئێمە بە هیچ کلۆجێك ناتوانین جیاوازی لەناوبەرین. ناتوانین باسی ناسنامە بکەین، ناتوانین باسی یەکبوون بکەین، بەو شێوەیەی کە دەڵێین من و تۆ یەکین، چونکە هەردووکمان مرۆڤین. لە بەرامبەر ئەمانەدا هاتووە، چەمکی (چوون یەکی) بەکارهێناوە.

چوون یەك چییە؟
دروستە من و تۆ مرۆڤین، بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازین. دوو تاکی جیاواین. لەژێر باری چوون یەکیدا جیاوازی لەناو ناچێت، ناسنامە دروست نابێت. بۆیە لە فەلسەفەی پۆست مۆدێرندا، دروستکردنی ناسنامە هەڵەیەکی فەلسەفی گەورەیە، دروستکردنی سستەم هەڵەیەکی فەلسەفی گەورەیە. باوەڕکردن بەو خودە ئایدیالیستەی کە دیکارت هێناویەتە کایەوە، هەڵەیەکی فەلسەفی گەورەیە. لەهەموو ئەمانەدا بە گشتی نیچە و هایدگەر پێکەوە کۆدەبنەوە .دەتوانین بڵێین ئەو دووانە فەیلەسوفا نێکن، زەمینەیان بۆ پۆست مۆدێرنە خۆشکردووە.

هاوڵاتی: دەمەوێت بپرسم هۆی چییە کە لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە، هایدیگەر با دەداتەوە بەلای شیعر و ئەدەب و هونەردا، بەتایبەت خۆ خەریککردن بە چامە شیعرییەکانی شاعیرانی وەك ( هۆلدەرلین و ڕێلکەوتراکل (ەوە؟

د.محەمەد کەمال : بەڵێ هایدیگەر دەڵێت : ( بۆ تێگەیشتن لە واتای بوون، ڕێگەی جیاواز هەیە). یەکێك لەو ڕێگایانەی دەتوانین واتای بوونی پێ بدۆزینەوە و ئاشنامان بکات بە بوون، ڕێگای فەلسەفەیە، میتۆدێکی فینۆمینۆلۆژی- هێرمۆنیتیکەوە.

بەڵام ڕێگاو ڕێچکەی دیکە هەیە کە پێویستە باسیان بکەین. یەکێك لەو ڕێگایانەی زۆر گرنگە و دەتوانێت بە واتای بوونمان بگەیەنێت هونەرە، هونەر بە گشتی. لەنێو هونەریشدا شیعر لە هەموویان باڵا دەست ترە. چونکە شیعر زمان بەکاردەهێنێت، زمانیش تاکە ڕێگەیە ئێمە بتوانین واتای بوونی پێ تەفسیر بکەین

بەشی پێنجەم

لەبەشی شەشەمدا د.محەمەد کەمال باس لە دیدی هایدیگەر دەکات بۆ شیعر و شاعیر دەکات ، هەروەها ئاخۆ فەلسەفەی هایدیگەر دژە هومانیزم بووە یان بە پێچەوانەوە.

هاوڵاتی: وەکو ئەوەی هایدیگەر خۆی دەڵێت: (زمان ماڵی بوونە)؟

د.محەمەد کەمال : بەڵێ، ماڵی بوونە . زمانی شیعر (لێرەدا مەبەستم لە زمانی شیعر دروستکردنی کێش و سەروا نییە، ئەو شێوە تەکنیکیەی شیعرنا، بەڵکو دەربڕینێکی شاعیرانە). پێموایە هۆڵدەرلینە کە دەڵێت: (ئێمە هەموو هێمایەکی نەخوێندراوەین، لە خاکێکی بێگانەدا زمانەکەی خۆشمان بیرچۆتەوە). ئەمە دەربڕینێکی تا بڵێی جوانە. هایدیگەر هاتووە ئەمەی بەستۆتەوە بەو جۆرە نامۆ بوون و نا ڕەسەنیەتیەی کە لە سەردەمی مۆدێرن و سەردەمی تەکنەلۆژیادا هەیە.

ئەمڕۆ مرۆڤ ڕەسەنایەتی بوونی خۆی لە دەست داوە، لەژێر کاریگەرێتی تەکنەلۆژیا و ئەو کەلتورە بازاڕییەی کە دروست بووە بۆ ئێمە، زمانێك قسە دەکەین زمانی خۆمان نییە. ئەڵبەتە مەبەستی هۆڵدەرلین ئەوەنییە کوردی زمانی بێگانەی تۆیە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە تۆ گوتارێکی لەکارکەوتوو بەکاردەهێنێت بۆ گفتوگۆ و ڕاگەیاندن. لێرەوە هایدیگەر دەیەوێت بڵێت: (ئێمە لە ڕێی هونەرەوە دەتوانین ، بوون بناسین و بە کەنیونەئاشنا ببین).

هەر ئەم بۆچونەشی کاری کردۆتە سەر ئەوەی، چەند بزوتنەوەیەکی هونەری پەیدا ببێت و بڵێن: (مادامەکی هونەر هەقیقەتی بووونمان بۆ ئاشکرا دەکات، کەواتە زۆر شت هەیە کەبە هونەر دادەنرێت). ئەگەر بزانیت هەنووکە ئیستۆلەیشن پەیدا بووە، هونەرمەندێك دێت و مێزێك و کورسیەك لەوێدا دادەنێت و دەڵێت ئەمە هونەرە.

لەبیرمە چەند ساڵێك لەمەوبەر ڕوشدی ئەنوەر لە پێشەنگایەکدا لە گەلەری سەردەم، ئیشێکی هونەریی دانابوو ئیشەکە ئەمە بوو (مێزێکی سوتاوی دانا بوو، دوو کورسیشی لەمبەرو ئەو بەری مێزەکەدا . کورسیەکی سپی و کورسیەکی ڕەش و لە نێوانیاندا مێزەکە سوتا بوو). واتە دیالۆگ نەماوە، جا ئیتر ئەو دیالۆگە سیاسی بێت فیکری بێت.

ئەوە بۆ خۆی جۆرێکە لە هونەر، بەڵام ئەو هونەرە شێوەیەکی تازەی وەرگرتووە. وەکی کارێکی هونەری سیزان یان ڤان کوخ نییە، لەسەر کانڤاس بە ڕەنگ کرا بێت. بەڵام لە هەمان کاتدا واقعی بوون دەردەخات.

لێرەوە هایدیگەر ئەو کێشانە باس دەکات کە هونەر ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت، بۆ تێگەیشتن لە واتای بوون. جا ئەو هونەرە شێوەکاری بێت یاخود شیعر بێت. لە هەموویان زیاتر ئەو گرنگی بە شیعر دەدات و پێیوایە شیعر دەتوانێت، چاوساغمان بێت بۆ تێگەیشتن لە واتای بوون.

شیعر ئاماژە بۆ واتای بوون دەکات، بەڵام شرۆڤەی ناکات. شاعیر دەتوانێت ڕاستەقینەکەت نیشان بدات وەکو هێمایەك، بەڵام بۆتی شرۆڤەناکات. لەبەرئەوە زمانی شیعریی وەکو فەلسەفە واتای بوون دەردەخات، بەڵام فەلسەفە توانای شرۆڤەکردنی هەیەو شیعر ئەو توانایەی نییە، تەنها توانای ئاماژەکردنی هەیە. بۆیە نوسینێکی هەیە دەڵێت: (مرۆڤ شاعیرانە نیشتەجێ دەبێت). ئەو دەیەوێت هەموو مرۆڤێك شاعیرانە بژی، چونکە شاعیر ئەو کەسەیە ڕاستی بوون دەناسێت.

هاوڵاتی: دەکرێت ئەو دەستە واژەیەی هایدیگەر ئاوا بڵێین: (مرۆڤ بە شیعر نیشتەجێی بوونە)؟

د.محەمەد کەمال : من ئەو دەستەواژەیەم لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە و دەڵێت (مرۆڤ شاعیرانە نیشتەجێی بوونە). ڕەنگە وەرگێرانەکەی من زۆر تەواو نەبێت، بەڵام ئینگلیزیەکەی وایە. ئەڵبەتە مەبەستی لە جێنشین بوونی شاعیرانە ئەوەیە، مرۆڤ دەبێت داهێنەر بێت. لە شوێنێکی تردا هایدیگەر دەڵێت: (شاعیر هەمیشە لە پشوداندایە).

مەبەستی ئەو لە پشودان دانیشتنی تەمبەڵانە نییە کە هیچ کارێك نەکەیت، بەڵکو مرۆڤ کاتێك دەچێتە پشووەوە (بۆ نمونە من مۆڵەتم وەرگرتووە لەو دەزگایەی کاری تێدا دەکەم بێم بۆ کوردستان و ئێستا لە کوردستانم، چەند پڕۆژەیەکم هەیە و ئەو پڕۆژانەش خۆم هەڵیان دەبژێرم و دەزگاکە ناچارم ناکات بەوە. کەواتە من کاتێك لە پشودام، سەربەستانە دەتوانم پڕۆژەکانی خۆم هەڵبژێرم).

شاعیریش بەردەوام لە پشوداندایە، بەردەوام دەیەوێت خۆی پڕۆژەکانی هەڵبژێرێت و داهێنەرانە بژی. بۆیە ئێمە دەمانەوێت شاعیرانە بژین. مەبەستی هایدیگەر ئەوەیە.

هاوڵاتی: هەندێك پێیان وایە هایدیگەر زۆر لە ژێر کاریگەری دنیای شیعرەکانی هۆڵدەرلیندا بووە. لە کاتێکدا هۆڵدەرلین دەڵێت: (ئێمە لە ڕۆژگارو قۆناغێکدا ژیان دەگوزەرێنین کە خواکان ڕوویان لێوەرگێڕاوین و ئاگایان لێمان نەماوە)، هایدیگەریش لەژێر کاریگەری ئەو بۆچونانەیدا لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا دەڵێت: (مەگەر تەنها هاتنی خوایەك ڕزگارمان بکات)؟

د.محەمەد کەمال : ڕاستە ئەوە قسەیەکی هۆڵدەرلینە و هایدیگەریش بەکاری هێناوەتەوە. بەڵام لە کتێبێکیدا کە بەم دواییانە کراوەتە ئینگلیزی، باسی ئەوە دەکات سەردەمی تەکنۆلۆژیا چ جۆرە تەبایی و نەهامەتییەکی هێناوەتە ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و مرۆڤی دووچاری چ قەیرانێك کردووە. یەکێك لەو قەیرانانە کوشتنی پرسیارە، کوشتنی داهێنانە. سەرەڕای ئەوە هێنانە ئارای کەلتورێکی باوە کە هەموو شتێك ستۆك و کاڵ و کرچە تێیدا .هونەر کاڵ و کرچە، بیرکردنەوە کاڵ و کرچە. زمان دەگۆڕێت، هەموو شتێك دەگۆڕێت .

پاش ئەوە هەڵهاتنی خواکان دەست پێدەکات. من لە کتێبەکەمدا (هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی)، ئاوا بوونی خواکانم بەستوتەوە بەم خاڵانەوە .کاتێك ئاوابوونی خواکان دەبەستینەوە بەم خاڵانەوە، خەسڵەتێکی دیینی وەرناگرێت. هایدیگەر باسی ئەو خوایە ناکات کە لە ئاسماندایە و ئێمە ڕووی تێناکەین و وازمان لە دینداری هێناوە، یاخود وازمان لە خوا پەرستی هێناوە .

بابزانین واتای خودا چییە؟ خوا دەسەڵاتێکە دەتوانێت سەربەستانە هەمووشتێك دابهێنێت. بە بڕوای هەندێك لە فەیلەسوفان، ئێمە خۆمان ئەو خودایەمان دروست کردووە. بیرۆکەی ئێمەیە، ئەگینا خودا نییە، بەڵکو جۆرێکە لەنامۆ بوونی خۆمان. ئێمە خۆمان ئەو دەسەڵاتەمان ڕادەستی ئەو کردووە، بەڵام ئەو دەسەڵاتە دەبێت بە ئێمە بێت، نەك بەو بێت. ئێمە دەبێت ڕۆڵی خودا وازی بکەین لەسەر زەمین.

لەبەرئەوەی سەردەمی تەکنەلۆژیا دەسەڵاتی داهێنان لەناودەبات و مەحفی دەکاتەوە، ئەوا ڕۆڵی خواکان نامێنێت. واتە ڕۆڵی مرۆڤی داهێنەر بزر دەبێت. مرۆڤی داهێنەر لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا کەم دەبێتەوە، یاخود ڕەنگە سەردەمێك بێتە ئاراو هەر نەمێنێت.

هاوڵاتی: ئایا ئێمە لە ئێستادا و بەهۆی هەژموونی زۆری تەکنەلۆژیا و زانستەوە و بەهۆی کوشتنی جیاوازیەکان و بیرکردنەوە وداهێنانەوە، سەردەمێك دەگوزەرێنین پڕاو پڕ عەدەمیە و ئەو ڕۆژگارە ئەنگوستە چاوەیە کە فەیلەسوفێکی وەك فردریك نیچە پێشبینی کردووە و هۆشداری داوینەتێ لەبارەیەوە؟

د.محەمەد کەمال : بەڵێ، باسی عەدەمیەتت کرد کە بە ئینگلیزی نیهلیزمە و ئێمەش دەتوانین چەمکی هیچ گەرایەتی بۆ دابنێین. خۆی مێتافیزیك بۆچونێکی هیچگەراییانەی هەیە و مێتافیزیك بە گشتی نێهێلیزمە، بەڵام با بزانین لە چ ڕوویەکەوە؟

ئەڵبەتە لەو ڕووەوە کە دەڵێت: (بوون هیچە و پێویست ناکات ئێمە لێی بکۆڵینەوە). کە دەڵێت: (بوون هیچە)، کەواتە ئەمە جۆرێکە لە هیچ گەرایەتی و لە بوون ناکۆڵێتەوە، لە هەبوون دەکۆڵێتەوە.

لێرەدا مێتافیزیك دەبێت بە زانست کە بوو بە زانستیش، ئەو زانستە لە قۆناغێکدا پێش نەکەوت کۆتایی پێدێت. جا بۆیە هەندێ کەس باسی کۆتایی فەلسەفە دەکەن. هایدیگەر خۆشی کتێبێکی نوسیووە لەسەر کۆتایی فەلسەفە. ئەڵبەتە لێرەدا فەلسەفە وەکو مێتافیزیزك کۆتایی دێت، چونکە مێتافیزیك زانستێك نییە پێشکەوتبێت وەکو فیزیا و کیمیاو زانستەکانی دیکە.

یان ئەو پرسیارەی مێتافیزیك دەیکات، زانستەکان وەڵامی دەدەنەوە. بەڵام فەلسەفە وەکو ئۆنتۆلۆژی، بە هیچ شێوەیەك کۆتایی نایەت. ئەمڕۆ لە سەردەمێکداین، ئەگەر بە سەردەمی کۆتایی مێتافیزیکیش دابنێین (بە کۆتایی فەلسەفە دابنێین)، لە هەموو سەردەمێك زیاتر پێویستمان بە فەلسەفە هەیە، چونکە هێشتا واتای بوونمان بۆ ڕوون نەبۆتەوە.

هاوڵاتی: یەکێك لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی فەلسەفەی مارتن هایدیگەر دەبێتەوە ئەوەیە، هەندێ بە فەلسەفەیەکی دژە هیومانیستی و دژە هیومانیزم تاوانباری دەکەن؟

د.محەمەد کەمال : بەکارهێنانی وشەی دژ زۆر زەحمەتە، چونکە وەکو دەزانین هایدیگەر لە کتێبی (بوون وکات) دا تەفسیری بوونی مرۆڤی کردووە، لەو تەفسیرکردنەشیدا بە تەواوەتی فەلسەفەی دیکارتی ڕەتداوەتەوە و تەفسیرێکی نوێی بۆ بوونی مرۆڤ هێناوەتە ئاراوە.

واتە بە ئاشکرا ئەوە ناڵێت کە مرۆڤ جەوهەرێکی نەگۆڕە، بەڵکو دەڵێت(دازاین)ە و (دازاین)یش واتایەکی فەلسەفی قوڵی هەیە. لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین هایدیگەر دژی مرۆڤە یاخود دژی مرۆڤایەتییە، بەڵام دەڵێت من نامەوێت باسی مرۆڤایەتی بکەم، چونکە مرۆڤایەتی چەمکە و هەقیقەتێکی دەرەکی نیە باسی بکەیت.

ئێمە مرۆڤە تاکەکان دەبینن (ئارام دەبینین، شوان دەبینین)، بەڵام مرۆڤایەتی نابینین. ئەگەر من لە تۆ بپرسم ئایا مرۆڤایەتی لە کوێدا هەیە؟ ناتوانین بیدۆزینەوە. بەبێ تاکەکان مرۆڤایەتی نییە. لەبەرئەوە تۆ ناتوانیت باسی شتێك بکەیت کە هەقیقەتێکی دەرەکی نەبێت، یاخود ڕاستەقینەیەکی نەبێت لە دەرەوەی بیرکردنەوەدا.

ئەمە لە لایەك و لە لایەكی دیكەوە پرۆژەی فەلسەفی مارتن هایدیگەر، پرۆژەیەك نییە بە تەنها لە واتای بوونی مرۆڤ بكۆڵێتەوە. بۆیە دەڵێت: (من باسی ئەنسرۆپۆلۆژیات بۆ ناكەم، باسی مرۆڤایەتیت بۆ ناكەم. من كاتێك باسی دازاین دەكەم، هەوڵدەدەم لە ڕێی بوونی دازاینەوە بە واتای بوون بە گشتی بگەم. لەبەرئەوە ئامانجی سەرەكی من لە پرۆژە فەلسەفیەكەمدا، واتای بوونە نەك بوونی مرۆڤ). لێرەوە هایدیگەر خۆی لە چەمكی هیومانیزم بە دوور دەگرێت. ئەڵبەتە دژی مرۆڤایەتی نییە، بەڵام دەڵێت نامەوێت باسی هیومانیزم بكەم.

لەبەشی شەشەمی چاوپێكەوتنەكەدا د.محەمەد كەمال،باس لە ڕۆڵی فەلسەفەی هایدیگەر لە جیهاندا دەكات و چۆن ئەمڕۆ زۆرجار بە سەدەی هایدیگەر دەناسرێت. لەهەمانكاتیشدا باسی نەیارانی هایدیگەر لە جیهاندا دەكات و فەلسەفەكەیان دەخاتە ڕوو.

هاوڵاتی: بە پێی ئەوەی ئاگادار بن ئامادەگی هایدیگەر و فەلسەفەكەی، لە ناوەندی ئەكادیمی خۆرئاوا و لەناو كۆمەڵگە پێشكەوتووەكانی دنیادا لە چ ئاستێكدایە؟

د.محەمەد كەمال : سەردەمەكەمان سەردەمی مارتن هایدیگەرە. لە سەدەی نۆزدەدا دەیانگوت سەردەمەكەمان سەردەمی هیگڵە، دواتر بوو بە سەردەمی ماركس. ئەمڕۆش سەردەم سەردەمی هایدیگەرە .لەكایە ئەكادیمیەكاندا هایدیگەر و فەلسەفەكەی بایەخێكی زۆر پێدەدرێت. ئێستا كەسانێك هەن دەیانەوێت لە واتای فەلسەفەی هونەر تێبگەن، لە ڕوانگەی هایدیگەرەوە.

كتێبێكی زۆر لەبەردەستدایە، دەربارەی فەلسەفەی هونەر لە ڕوانگەی هایدیگەرەوە. هاوكات كەسانێك هەن كار لەسەر فێمێنیزم دەكەن لە ڕوانگەی هایدیگەرەوە، هەروەها تەلارسازی لە ڕوانگەی هایدیگەرەوە. شوێن لە ڕوانگەی ئەوەوە، چونكە هایدیگەر بەو شێوەیەی باسی شوێن دەكات(جێ نشین بوونی مرۆڤ لە شوێندا)، پرسێكی زۆر گرنگە. یاخود كێشەكانی ژینگە لە ڕوانگەی هایدیگەرەوە .
ئەو باس لە نیگەرانی دەكات ، نیگەرانیمان بۆ ژینگە و بۆ بوون بە گشتی كە دەڵێت: ( بوون نیشتمانی تۆیە و نابێت وێرانی بكەیت. نابێت ڕێگە بە هیچ كەس بدرێت نیشتمانی خۆی وێران كات .(
تۆ كاتێك بوون بە نیشتمانی خۆت دادەنێیت ، خۆشت دەوێت و بە نیگەرانیەوە تەماشای دەكەیت. لە مڕۆدا تێكڕای ئەمانە بوونەتە مایەی ئەوەی، جۆرە نوسینێك لە بوارە ئەكادیمیەكاندا سەرهەڵبدەن كە هەموویان پەیوەندییان بە فەلسەفەی هایدیگەرەوە هەیە. .
هاوڵاتی: لە ئێستادا هایدیگەر ناسە گەورەكانی جیهان كێن؟ .
د.محەمەد كەمال: لەڕاستیدا ئەوەندە زۆرن، ڕەنگە ناوی هەموویانم لە بیر نەمابێت، چونكە بەردەوام كتێبەكانی هایدیگەر وەردەگێردرێن بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و ئەوانەشی وەریدەگێرن كەسانی ئاسایی نین، ئەوانەن خۆیان بە شاگردی هایدیگەر دادەنێن. یەكێك لەوانەی بیرم مابێت ژنە فەیلەسوفێكە كە ئێستا لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەژی و ناوی جۆمان تامباوە، ئەم خانمە بۆ خۆی (بوون و كات) ی وەرگێراوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و لە نزیكەوە هایدیگەری ناسیووە. ئێستا ئافرەتێكی زۆر بەتەمەنە.

ئەڵبەتە كەسانی دیكەش زۆرن .نمونەكانیان وەك گادامێرو دێریدا و لە زانكۆكانی فرایبۆرگ و هایدلبێرگ لە ئەڵمانیا هایدیگەر ناسی دیكە زۆرن. بە زمانی ئینگلیزیش كەسانێكی زۆر لەسەر هایدیگەر دەنووسن، بەڵام بەداخەوە ئێستا ناوەكانیانم نایەتەوە یاد.

هاوڵاتی: هایدیگەردەڵێت:(فەلسەفە ئەركێكی كۆمەڵایەتی نییە)، بە پێچەوانەوەی فەلسەفەی ماركسیزمەوە. پرسیارەكە ئەوەیە گەر فەلسەفە ئەركێكی كۆمەڵایەتی نەبێت، ڕاستەوخۆ بەشداری گۆڕینی دنیا نەكات، بۆ ئەمڕۆ فەلسەفەی هایدیگەر چۆن دەتوانێت هاوكارمان بێت و كۆمەكمان پێ بكات؟

د.محەمەد كەمال: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێمەوە سەر تێكستێكی هێربرت ماركۆزە كە تیایدا باسی ڕۆڵی كتێبی (بوون و كات) دەكات و دەڵێت: (سەروەختێك ئێمە خوێندكاری زانكۆ بووین و خوێندنی فەلسەفە گەیشتبووە ئاستێك بێزار بووبووین لێی، چونكە نیوكانتێزم كۆنترۆڵی زانكۆكانی كردبوو، وامان دەزانی فەلسەفە هیچ ڕۆڵێكی لە ژیانی مرۆڤدا نەماوە و بۆتە هەرزەگۆی و زمانێكی ڕوتی ئەكادیمی، بەڵام كاتێك بوون و كاتمان بینی، هەستمان كرد شۆڕشێكی فەلسەفی دروست بووە، چونكە بوون وكات تەفسیرێكی نوێ بۆ بوونی مرۆڤ دەكات).

بۆیە من لەو بڕوایەدا نیم، فەلسەفەی هایدیگەر ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی نەبێت. کێشەی ڕەسەنێتی بوون وناڕەسەنێتی بوون، نامۆ بوونی مرۆڤ، ئەمانە هەموویان پەیوەندیەکی سەرەکیان بە ڕۆڵی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدا هەیە. بەڵام گەر بڵێیت هایدیگەر دەڵێت فەلسەفەکەی من وەکو فەلسەفەکەی مارکس ڕۆڵێکی سیاسی نییە، ڕاست دەکات، چونکە خۆی لە شوێنێکدا (کە نامەیەکەو بۆ فەیلەسوفێکی فەرەنسی نوسیووە و بەناوی پەیامێك دەربارەی هیومانیزم بڵاوکراوەتەوە)، دەڵێت:(ئێمە نەهاتووین تەفسیرێکی وامان پێبێت بۆ مێژوو کە لە تەفسیرەکەی مارکس پێشکەوتووتر بێت، بۆیە سود لە تەفسیرەکەی مارکس بۆ مێژوو وەردەگرین، بەڵام تەفسیرمان بۆ واتای بوون جیاوازە.( هەر لەبەرئەوەشە دەڵێت: (ڕاستە فەلسەفەکەی من ڕۆڵێکی سیاسی نییە (، بەڵام گەر تۆ بە وردی بیخوێنیتەوە تێدەگەیت کە چ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت. لە ئێستاشدا زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکان جەخت لەسەر ڕۆڵی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی هایدیگەر دەکەنەوە.

هاوڵاتی: هایدیگەر چەند لایەنگرو هەواداری هەیە، هێندەش ناحەزو نەیاری هەیە. پۆزتڤیستەلۆژیکیەکان و گروپی بازنەی ڤییەنا و بە تایبەتیش کەسێکی وەك ڕۆدۆلۆف کارناب، چاکترین نمونەیەکی ئەو ئەنتی هایدیگەر یەن .ئایا لە ئێستادا و لە کایەی ڕۆشنبیری خۆرئاوادا، ئەو دژایەتی کردنە هەروەك خۆی ماوە و درێژەی هەیە؟

د.محەمەد کەمال: ئەڵبەتە ململانێکە هەرماوە، بەڵام لەو بڕوایەدا نیم گەیشتبێتە ئاستێك کە ڕۆڵێکی گەورە ببینێت. چونکە وەکو دەزانیت بزوتنەوەی لۆژیکەڵ پۆزەتڤیزم کە دروستبوو، لە ئێستادا وورده وورده لەناو دەچێت. لە چەند زانکۆیەکی بەریتانیا و لای خۆمان لە ئوستراليا، فەلسەفەی لۆژیکەڵ پۆزەتڤیزم دەخوێنرێت.
هاوڵاتی: واتە لە جیهانی ئەنگلۆساکسۆندا ڕەواجی هەیە؟

د.محەمەد کەمال: بەڵێ لە جیهانی ئەنگلۆساکسۆندا فەلسەفەی شیکاری و پۆزەتڤیزم دەخوێنرێت، بەڵام لە وڵاتانی دیکەدا ئەوەندە بایەخی پێنادرێت. پاشان ناکۆکی و ڕێك نەکەوتن لەسەر چەند کێشەیەکی فەلسەفی، لەنێو بیرکردنەوەی فەلسەفیدا شتێکی ئاساییە .تەنانەت لەنێو فیکری بونگەرایەتیشدا، ناکۆکی و ڕێکنەکەوتن هەیە.

وەکو دەزانین لۆژیکەڵ پۆزەتڤیزمەکان هەموو شتەکان دەگێڕنەوە بۆ کێشەی زمان و زمانەوانی و لۆژیكو دەستەواژەی لۆژیکی و ئەو شتانە. گەر لەبیرت بێت یاخود خوێندبێتتەوە، بێرتراند ڕاسل کتێبێکی هەیە بەناوی(مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا) .
هاوڵاتی: بەڵێ ئەو کتێبە بە دوو بەرگ بە زمانی عەرەبی هەیە و فوئادزەکەریا وەریگێڕاوە .
د.محەمەد کەمال: بەڵێ لەو کتێبەدا کە دێتە سەر هیگڵ، دەڵێت ئەوە فەلسەفە نییە، چونکە هیچ واتایەك نابەخشێت. بێگومان کە من دەڵێم:(ئەم مێزە سپییە)، ئەوە دەستەواژەیەکی لۆژیکیە، چونکە ئێمە دەتوانین تەماشای کەین و بیسەلمێنین سپیەیان سپی نییە.

بەڵام سەروەختێك هیگڵ دەڵێت) :ئاگامەندی بنەرەتی هەموو جۆرە هەبوویەکە)، ئەوەمانای چییە؟ هەبووچییە؟ ئەڵبەتە ئەو دەستەواژانە لە ڕووی ڕێزمانییەوە تەواوە، بەڵام لە ڕووی لۆژیکیەوە تۆ ناتوانیت بیسەلمێنیت، وەکو ئەوەی بڵێیت:(مێزەکە سپییە، یان مێزەکە ڕەشە). لەبەرئەوە بێرتراند ڕاسل دەڵێت: (ئەمە فەلسەفە نییە). بەڵام لە هەمان کاتدا دەزانین فەلسەفەی هیگڵ چ کاریگەرێتیەکی، لەسەر پێشکەوتن و بەرەو پێشچونی بیرکردنەوەی فەلسەفی و مێژوو هەبووە.

بۆیە ناکۆکی نێوان ئەو جۆرە فەلسەفانە وەکو لۆژیکی پۆزەتڤیزم و فەلسەفەی شیکاری و کارناب و ئەوانە لەگەڵ هایدیگەر، ناکۆکیەکی فەلسەفیەو لەو بڕوایەدا نیم کاربکاتە سەر کەمکردنەوەی کاریگەرێتی هایدیگەر بەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفیەوە.

پرۆڤایل/

(دۆکتۆر محەمەد کەمال (حەمەکەمال

لە ساڵی 1955 لە کەرکووک لەدایکبووە

له ساڵی 1979 دەچێتە پاکیستان و لە زانکۆی کراتچی کۆلیژی فەلسەفە دەخوێنێت

ساڵی 1983 کۆلیژی فەلسەفە تەواو دەکات

لە ساڵی 1985 ماجستێر لەفەلسەفە لە زانکۆی کراتچی لە وڵاتی پاکیستان دەهێنێت

لە ساڵی 1988 دکتۆرا لە فەلسەفەی هیگلدا دەهێنێت.

لە ساڵی 1997 تا 2006 دەبێتە وانەبێژ لە ئەنستیتوی " ئاسیا و ڕۆژهەڵات " سەر بە زانکۆی مێلبورن

خاوەنی چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی فەلسفەییە.

- .